کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-6-2007 14:06

## تێبینییەک دەرباری نوسینەکەی بەرێزکاک خالید گراوی لەکوردستان نێتدا بەناوی (وەڵامەکەی کاک کۆسرەت داهێانێکی تازە یە)!

گەلی کورد دەمێکە بەدەستی دیکتاتۆرەکانی عێراق بەجۆرەها شێوە دەناڵێنی. بەتایبەتیش ڕژێمی پێشو فێری ئەوەی کردین کە چۆن لێپرسراوەکانمان بپەرستین. چۆن لەقەبو ناونیشانی گەورەی وەك:سەرۆك، گەورەم، بەرێز، بەتوانا، لێهاتو، قارەمان، لێپرسراوی فلان، خودای سەرزەوی، جۆرەها لەقەبی بێمانای تر کە مرۆف بەبیستنیان بێز لەخۆی دەکاتەوە. لەبری ئەوەی، دەرس وەرگرین لەڕابردوو. کەچی هەندێ نوسەری ماستاو چی هەن ئێستاش وازلەو کولتورەی بەعس ناهێنن وخەریکی ماستاوکردنن بۆلێپرسراوەکان. بەڵێ کاك کۆسرەت خەباتگێرێکە وەك خەباتگێرەکانی تری کوردو خۆی زۆرماندوو کردووە. بەڵام خوانیە، ئەویش هەڵەی هەیە! لەئاسمانیش نەهاتۆتە خوارەوە. دەیان سەرکردەی تری کورد لەسێدارەدران، ئێستاش کەس ناویان ناهێنی!کاك کۆسرەت شانسی هێنا! نەوشیروان ناوە ناوە جنەیەك دەگری وَ کۆسرەت پلەیەك بۆ سەرەوە بەرزدەکاتەوە. ئەگەرنا بەبێ ئیستیسنا هەموو ئەندامەکانی تری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی لەکۆسرەت زیاتربەکوردو یەکێتیەوە ماندووبوون و خوێندەوارتریشن!کۆسرەت لەمفاوەزاتی ساڵی 1983وە بۆتە پێشمەرگە و نیوەی مێژووەکەشی تەماوییە!چی کردووە؟وەڵامی چەند پرسیاری مرۆڤێکی نەخۆشی وەك د. کەمال سەید قادری داوەتەوە. ئەگەرلەخۆی بەگومان نیە پێویست ناکات وەڵامیشی بداتەوە!کوردستان پۆست کێ دروستی کردووە!ئەمە چ گۆڕانێکە لە کۆمەڵگای کوردەواری، کەکاك خالیدگراوی خەریکی تەمجید کردن و زەخمکردنی بێت، گەرماستاوکردن بۆ کۆسرەت نەبێت! با وازبێنین لەماستاو چیەتی و مامە حەمەیەتی بۆ یەکتری. لەناو کوردان سەدان قارەمان وتێکۆشەرهەن سەد هێندەی کۆسرەتیان بۆ کورد کردووە. کۆسرەت بە قەد ئەوەی خەباتی کردووە. سەد بەقەد ئەوەندەش دڵی دایکانی کوردستانی سوتاندووەو کوڕەکانیانی تەق تەق کردووە؟ برینەکانمان زۆرن و ئیستیفزازمان مەکەن! هەرلەتەقینەوەکانی شەڕی ناوخۆ، ڕەمی کردنی خەڵکانی بێتاون، ئیغتیالاتی خەڵکی پارتی!تەقینەوەی لۆریەکەی بەنزینخانەی شەقڵاوە، دەیان فایلی گوم و شتی تر لەسەر حیسابی بەرێزیان لەناو دڵ و دەرونی دایکی شەهیدان تۆمارکراوە؟هیواخوازین کاك خالید گراوی و هاوشێوەکانی واز لەماستاوکردن بێنن و چیتر برینەکانمان نەکولێننەوە. چونکەکوڕەکانیشمان ڕەمی کران!جەنازەکانیشیان نەداینەوە!کەچی دەبێ گوێشمان لەماستاوچی وەك کاك خالید گراوی بێ؟

ئاوات عوسمان برای شەهیدێك هۆڵەندا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.